# وڵاتی ئاوس بە دۆلار و پڕ لە گەدە بەتاڵ



سالار بابەشێخ

لە وڵاتێکی غەدرلێکراوی وەك کوردستان کە هەتا هەنووکەش کەمترین مافەکانی نەتەوەیی پێ ڕەوا نابیندرێ، لە وڵاتێکدا کە بڕیاری چارەنووسی سیاسی نەتەوەیەکی کەونارای وەك کوردی هەرگیز نەحەساوە، لە سەر مێزی زلهێزەکانە، لە کوردستانی گەورە و بندەستی داگیرکەراندا، ئەگەر قەیرانی جۆراوجۆر بەرۆکی خەڵکی بندەست بگرێ و ڕێژەی چەوسانەوە و هەژاری کوردیی ژێردەستی داگیرکەران ئەگەر لە ئاستێکی زۆر بەرزیشدا بێ، لەوانەیە جێگەی سەرسوڕمان نەبێ، بەلاّم لە کوردستانی ڕزگار کراو، لە وڵاتێکی بە پیت و بەرەکەت و دەوڵەمەند کە لە ڕەوتی گەشەسەندندایە و شۆڕشێکی ئاوەدانکردنەوە لە هەموو ناوچەکانیدا لەئارادایە، لە وڵاتێکدا کە پەرلەمانەکەی پەرلەمانی کوردە و دەسەڵاتەکەی دەسەلاّتێکی خۆماڵی و دارایە، جێگەی ڕامانە کە هەژاری وا لە مرۆڤ بکات، بەشێك لە جەستەی بفرۆشیّ!

ئەگەرچی ئەم دەسەلاّتە کوردییە لە لایەن زلهێزێکی وەك ئەمریکا و هاوتاکانیەوە ڕۆژێك دەیتاسێنن و ڕۆژێك دەیماسێنن، بەلاّم ئەوەندەی لە هەگبەدا هەیە ئاوڕێك لەو کەسانە بداتەوە کە نەفسییەتی بەرزیان ڕێگەیان پێنادات ڕوو لە هەر پیاو وناپیاوێك بخەن بۆ ئەوەی کێشەیەکی خۆیان چارەسەر بکەن یان بژیویان لە مەترسی ڕزگار بکەن.

تۆ بڵێی بەسەرکردنەوەی گەنجێك کە ئامادەیە گورچیلەیەکی بفرۆشێت، ئەوەندەی خواردنەوەکانی میوانداریيەکی بەرپرسێك خەرج هەڵگر بێت؟

یەك چارەکی ئەوەندەی بە خواردنەوەی ئاوی "حەیات" دەدرێ لە لایەن ئەو ناوەند و سەنتەری حزبی و ئەهلی و نائەهلییانەی کە لەسەر کیسەی حکومەت دامەزراون و بە ناو سەرقاڵی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەن، کێشەی دەیان گەنجی نائۆمێد چارەسەر دەکات و هیواکانیان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئەوانەی کە بە ئاوی کۆمپانیا کوردییەکان ڕازی نابن و ئاوەکەش لە فارس و تورك دەکڕن، ئەوانەی کە داهاتی گشتی ئەم وڵاتە و خەڵکی بێدەرتان و نائۆمێدکراوی ئەم کۆمەڵگەیەیان کردۆتە بەردی گرانبایی و لە دیواری کۆشکەکانیانی هەڵدەواسن، با جارێکیش ئاوڕێك لەو خەڵکە بێدەرەتانە بدەنەوە کە هاواریان گوێی ئاسمانەکان کەڕ دەکات.

لە وڵاتێکی ئاوس بە دۆلار و پڕ لە گەدەبە تاڵ و برسیدا، نووسەرێك بەرهەمەکەی خۆی دەسووتێنێ و گەنجێك گورچیلەی خۆی بۆ مەزادخانە دەبات! ئەمە زیاتر لە ملۆدرامایەکی هیندی دەچێت. بالاّخانەکان سەریان لە ئاسمان دەسوێ، شاری خەونەکان بیابانێکی داگیر کردووە، تەنها لە پایتەختی حکومەتی کوردستاندا بازاڕی سوپرمارکتە زنجیرییەکان بارتەقای دوو سێ وڵاتی پێشکەوتوو دروست کراوە، ژمارەیەك خەڵکی دەستو پێ سپی بێ هیچ عارەقەیەك چەند "مەعاش" وەر دەگرن، فیتەر مووچەی ڕێز لێنانی ڕۆشنبیری و وەرزشوانە دێرینەکان وەر دەگرێ!

هەزاران دۆلار ڕۆژانە لە هەر وەزارەتخانەیەکدا بە فیڕۆ دەچێ، مووچەی خەیاڵی بە خەڵکانێك دەدرێ کە ئەگەر لافاوێکی لە پڕ، یان بڕیارێکی لەناکاو وڵاتەکەیان بەرەو نەمان ببات، ئۆفێکی بۆ ناکەن، هاوسەرگیری بە هۆی گرانی

**کرێیخانوو بۆتە شتێکی مەحاڵ، لە ەتەنیشت ئەمانەشدا هەن کەسانێك کە هیچ سوودێکیان لەو دارایی و ئاوەدانی و مووچە خەیاڵییانە وەر نەگرتووە. جا بۆیە ئەرکی سەرشانی حکومەتی دڵسۆزی کوردە هەتا مەزادخانەکان پڕ نەبووە لە گورچیلەی تاکی کورد، گورچیلە فرۆشەکان بەسەر بکاتەوە.**